The Centre of Halabja
Against Anfalization and Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

# له یادی 44 ساڵەی کارەساتی جەرگبڕی سینەمای عامودا

بەرواری 12–11 ی هەموو ساڵێك , ساڵڕۆژی کارەساتێکی جەرگبڕە لە مێژووی نەتەوەکەمان , ئەویش سوتانی منداڵانی شاری عامودایە لە سینەمای شارەکەیان , کە لە جەرگەیدا زیاتر لە 250 زارۆکی کورد لە کۆی 600 منداڵی قوتابی پشکداری ناو سینەمای عامودا , لە ڕوداوێکی گوماناوی پڕ لە تەم و مژاویدا سوتان , کە پێشتر بە نەخشە مناڵەکان بردرابوون بۆ بینینی فلیم , دوایش لە کاتی سوتانی سینەماکە فریایان نەکەوتن .

کەسایەتی ئەم شارە محەمەد سەعید ئاغا, بە هەوڵی دڵسۆزی خۆی توانی 252 منداڵ لە مەرگ ڕزگار بکات .

لەو منداڵانەی لەو مەرگەساتە ڕزگاریان بوو , ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆر پسپۆر و کەسایەتی نیشتمان پەروەر و لێهاتووی لێ هەڵکەوتووە , بێشك ئەو قوربانیانەش بمانایا کەسانی دڵسۆز و ئازادی خوازی وەکو ئەوانیان لێ دەردەچوو , ئەمڕۆ پێگەی سەنگەری گەلەکەیان لە بزاڤی نیشتمانی کوردستاندا بەهێز دەکرد .

ئێمە لە یادی 46 ساڵەی کارەساتی سینەمای عامودادا , بانگەوازی گەلەکەمان لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکەین , یەککگرتووانە بەڕوی نەخشە چەپەڵەکانی داگیرکەران بوەستینەوە , یەککگرتووانە تاوانکارانیان پەلکێشی دادگا نێودەوڵەتییەکان بکەین .

هەروەها پێویستە یەککگرتوانە لە هەموو پارچەکانی کوردستان پشتگیری لە داخوازە ڕەواکانی گەلەکەمان بکەین .

هەر بەم بۆنەیەوە , بە بۆنەی سوتانی 250 زارۆکی کوردەوە , داوا لە حکوومەتی کوردستان دەکەین , بەهەموو شێوەیەك پاڵپشتی و پشتگیری مادی و مەعنەوی لەو قوتابیانە بکەن , لە پارچەکانی دیکەی کوردستانەوە بە تایبەت باشووری بچوکەوە , بۆ درێژەدان خوێندن هاتوونە بۆ کوردستان , بە خوێندن دەتوانیین شوێنەواری سیاسەتە شۆفینییەکانی داگیرکەران بسڕینەوە و نەخشەکانیان پوچەڵبکەینەوە .

لە یادی کارەساتی عامودا نەفرت لە تاوانکاران , ئاواتە خوازی نیشتمانێکی ئازاد و گەلێکی یەککگرتوو هوشیارین .

ناوەندی چاك
2006–11–11
www.chak.info
chak_org@yahoo.com